# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی دادوەر بۆ خەڵاتی ژنپارێزی

پاراستنی ژن، پاراستنی ژیانە، پاراستنی ژینگەی مرۆڤە، چونکە یەکەمین ژینگەی مرۆڤ پێش ئەوەی بێتە نێو جیهانەوە، جەستەی دایکە. ژن ژیانی لێوە هەڵدەقوڵێت و خۆشەویستی و ئارامی دەبەخشێتە مرۆڤایەتی، بەڵام مەخابن، کە لەبەرامبەر ئەمانەدا جیهان نەبووەتە جێگەیەکی ئارام بۆ ئافرەتان و چەوساندنەوەی توخمی مێینە لە تەواوی دونیادا بە شێوەی جیاواز و بە ڕادە و ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە و ڕوویەکی ناشایستەی داوەتە شارستانیەت و کولتوورەکان.

توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ڕواڵەتی ئەو سیستەمە نالەبارەی پیاوسالارییە، کە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و قۆناغی جۆراوجۆری ستەمکاری بڕیوە. بەڵام لەبەرامبەر ئەو سیستەمە زاڵەدا هەمیشە بەرانگاربوونەوە هەبووە و خەباتی ئافرەتانیش لە جیهاندا بە گشتی قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە و لە چەندین وڵاتی دونیادا خەباتکردن بۆ یەکسانی و دادپەروەری ئەنجامی دڵخوازانەی بەدەست هێناوە. بۆ نموونە لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا و بە تایبەتی لە وڵاتی سوید لە ئاستێکی بڵندا کار بۆ پرسی ژن و یەکسانی کراوە و یەکەمین وڵاتیش بووە لە ئاستی جیهاندا، دەستپێشخەری کردووە و سەرۆک وەزیرانی سوێد ئۆلۆف پاڵمێ سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر، لە ساڵی 1972 بە فەرمی سیاسەتی یەکسانی لە حکومەتەکەی خۆیدا ڕاگەیاندووە.

جیهان پڕە لە ئەزموونی خەبات لە پێناوی مافی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری و ئاشتی. زۆرگرنگە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا توانایەکی دەروونی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم و نادادپەروەری. گرنگە کە ئازادیخوازان ئاستەنگییەکان نایانوەستێنێت لە تێکۆشان. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان بووەتە نۆرم و ڕۆژانە لە نێو خێزان و لە کۆمەڵگە و لە دامودەزگاکاندا پیادە دەکرێت. ساڵانە سەدان ژن بە بیانووی شەرەفپارێزییەوە دەکوژرێن. هێشتا ژنان بە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان نەگەیشتوون و وەک مرۆڤێکی کامڵ و عاقڵ تەماشا ناکرێن. بەڵام لەبەرامبەردا ژنانیش بێدەنگ نین و بۆ بەدەستهێنانی مافە ددانپێدانەنراو و پێشێلکراوەکانیان تێدەکۆشن.

لە کوردستانیشدا مەخابن توندوتیژی بەرامبەر بە تووخمی مێینە پیادە دەکرێت و بە بیانووی جۆراوجۆر کە زەقترینیان شەرەفپارێزییە ساڵانە چەندین ژن دەبن بە قوربانی. لە پارسەنگی ئەم ستەمەشدا خەبات هەیە بۆ یەکسانی و دادپەروەری. چەندین ڕێکخراو دامەزراون کار بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ژنان دەکەن و چەندین کەسایەتی ڕووناکبیر و نووسەر و سیاسەتمەدار کاری جیدی بۆ دەکەن، ئەگەرچی لەبەرامبەریشدا هێزە کۆنەپارێزەکان بۆ بەردەوامیدان بە سیستەمی پیاوسالاری و ستەمکاری، لە دژی ئازادیخوازان دەوەستنەوە و زۆر جار نرخی ئەو خەباتەش هەرزان نەبووە و گیانی ئەو کەسانە کەوتووەتە مەترسییەوە.

شایانی گووتنە کە دوو ساڵ لەمەوبەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەرییەکی گرنگی کرد و سیاسەتی یەکسانی ڕاگەیاند. ڕاگەیاندنی ئەم سیاسەتە لە ساڵی 2005 و لە لایەن سەرۆکوەزیرانی کوردستانەوە، هەنگاوێکی بوێرانە بوو. هاندانی ژنپارێزی لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا. بۆیە ئێمە وەک کۆمیتەی دادوەر ڕاگەیاندنی خەڵاتی ژنپارێزی لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە بەرز هەڵدەسەنگێنین و هیواداریشین کە لە ساڵەکانی داهاتووشدا ڕێزلێنانی خەبات و تێکۆشانی ژنان لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە، بایەخی پێبدرێت و بەردەوام بێت.

جێگەی خۆشحاڵییە، کە لەم پێشبڕکێیەدا کە بۆ باشترین کاری ژنپارێزی ڕاگەیەندراوە، ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی نووسەر، ڕۆژنامەنووس، هونەرمەند، سەنتەر و ناوەند و ڕێکخراوی ناحکومی و ڕێکخراوی حیزبی و دام و دەزگای پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بەشدارییان کردووە و چالاکییەکانی خۆیان ناردبوو بۆ هەڵسەنگاندن. ئێمە وەک کۆمیتەی دادوەر بە پێداچوونەوەی هەموو ئەو بەرهەم و چالاکییانەی کە نێردرابوون، لە فیلم ، شانۆگەری، بەرنامەی تیڤی و ڕادیۆ، دیکومێنتار، گۆڤار، ڕۆژنامە، کتێب، پیشانگای شێوەکاری، بەرنامەی ۆرکشۆپ و کۆڕ و کۆنفرانس و خۆپیشاندان و مانگرتن و شتی تر، زۆر شادمان بووین کە لە نێو ساڵی 2007 دا خەرمانێک کاری باش کراوە بۆ پرسی ئافرەتان و بە تایبەتییش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان.

بێگومان بۆ هەڵسەنگاندن پێویستە پێوەر هەبێت و پێوەری ئێمەش بۆ نرخاندنی ئەو چالاکیانە لە سێ خاڵی کۆنکرێت پێکهاتبوو:

یەکەم: ئەو کارو چالاکییەی کە کراوە لە ناو ساڵی 2007 دا ئەنجام درابێت.
دووەم: ئەو کارەی کە کراوە بە تەواوی بچێتە خانەی ژنپارێزییەوە. ئەگەر کارەکە تیۆرییە یان پراکتیک، ئامانجەکەی ڕوون بێت، ستركتووری کارەکە بەرجەستە بێت و کاریگەرییەکەی زانراو و دیار بێت.
سێیەم: کارەکە پێوەی دیار بێت لەئەنجامی باوەڕبوونی تاکەکە یان گروپ و ڕێکخراوەکە بە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی کرابێت، نەک وەک ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی حیزبی یان حکومی یان تەنها بەرنامەیەکی ڕاگوزاری ڕێکخراوەیی بێت و ئەنجامەکەی ڕوون و دیار نەبێت.

یەک بەیەک شەن و کەوی هەموو ئەو کار و بەرهەم و چالاکییانەی کە هاتبوونە بەردەستمان، بە ڕەچاوکردنی هەرسێ خاڵی پێوەرەکە کراوە. ئەو کارەی کە هەرسێ خاڵی پێوەرەکەی بە ڕوونی تێدا هەبووە بە شایانی خەڵاتی ژنپارێزی ساڵی 2007 مان زانیوە.

ئێمە وێڕای دەستخۆشیمان لە هەموو بەشداربووانی پێشبڕکێی خەڵاتی ژنپارێزی کە کاری باشیان ئەنجام داوە، هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین. بە تایبەتیش دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە وەرگری خەڵاتی ژنپارێزی ساڵی 2007 دەکەین.

خەڵاتی ژنپارێزی ساڵی 2007 دەدرێت بە
(خەندان حەمەجەزا)
لە سۆنگەی کتێبی
(ئۆقیانووسێک لە تاوان)

کۆمیتەی خەڵاتی ژنپارێزی دوای هەڵسەنگاندنی کار و بەرهەمەکانی هەموو کەس و ڕێکخراوە بەشدارەکان بە ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی خەڵاتی ژنپارێزی کتێبی ئۆقیانوسێک لە تاوان بە باشترین کار دەزانێت کە لە ساڵی 2007 بە مەبەستی ژنپارێزی کرابێت. ئەم کتێبە (توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتییە سەبارەت بە دیاردەی لەشفرۆشی و بازرگانی بە جەستەی ڕەگەزی مێینەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا) کە خاتوو خەندان حەمەجەزا ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەم توێژینەوەیە بووە و لە ناو ئەمساڵ 2007 دا چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.
بێگومان پێش دەرچوونی ئەم کتێبەش زانراوە کە لە کوردستانیشدا، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە دیارد ە ی لەشفرۆشی هەیە و بازرگانی بە توخمی مێینەوە دەکرێت. سەرە ڕای ئە وە ی کە کوردستان بە بارودۆخێکی ناهەمواری شەڕ و گەمارۆی ئابووریدا تێپەڕیوە، بە وردی نەزانرابوو لەشفرۆشی بووەتە دیاردەیەک کە مەترسی لە دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی بکرێت. ئەم کتێبە لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ 296 لەشفرۆش و 93 کڕیاری لەش و 72 سەرۆکی باندی لەشفرۆشیەوە کەدوای بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی زانستی لە کتێبەکەدا خراونەتە ڕوو، توانراوە بسەلمێندرێ لەشفرۆشی بووەتە دیاردەیەکی ترسناک و پێویستە هەڵوێستی هەنووکەیی لەسەر وەربگیرێت.

نووسەر خۆی لە کتێبەکەدا شیکردنەوەی خۆی لەسەر هەر یەکێک لەدۆخەکان بە جوانی خستۆتە ڕوو. بەڵام گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ لێکۆڵەری تریش بۆ ئەوەی سوود لەو دۆخانە وەربگرێت کە خراوەتە ڕوو.
لە ڕووی زانستییەوە ئەم کتێبە دەچێتە خانەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی و پێوەرە زانستییەکانی توێژینەوەی تێدا بە جوانی پەیڕەوی کراوە. پێشنیاری زۆر گونجاویش خراوەتەڕوو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان سوودی لێ ببینن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

لەم کتێبەدا هەرچی ئەو هۆکارانە هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کچ و ژنانی کۆمەڵگەیەک تووشی کێشەکانی پەیوەندیدار بە سێکسوالێتی ببن لە ئەنجامی ئەو کێشانەشەوە دووبارە ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە، خراوەتە ڕوو. کەواتە ئەگەر هۆکارەکان چارەسەر بکرێن، لە ئەنجامدا توندوتیژی بەرامبەر بە ژن کەم دەبێتەوە.

لەم کتێبەدا پەیڕەوییەکی تەواوی ئیتیکی لێکۆڵینەوە و نووسین کراوە و بە پرنسیپێکی مرۆڤانەوە دۆخەکان خراونەتە ڕوو، قوربانییەکان مرۆڤانە مامەڵەیان لەتەکدا کراوە و ڕێزیان لێگیراوە. لەبەر ئەو هۆیانەیە کە ئەم کتێبە تەواوی پێوەرەکانی خەڵاتی ژنپارێزی ساڵی 2007ی دەیگرێتەوە .ئێمەش لە کۆمیتەی دادوەری بۆ خەڵاتی ژنپارێزی پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی وەرگری خەڵات خاتوو خەندان حەمەجەزا دەکەین.

...

2007-11-25

کۆمیتەی دادوەر بۆ خەڵاتی ژنپارێزی

مەهاباد قەرەداغی، ئەحمەد ئەسکەندەری، تامان شاکر، خەولە ڕەئوف، ئاڵا عەلی، کوردستان پیرداو

Mahabad07@gmail.com